www.kurdistannet.org
26-11-2006 8:13بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# عەشقی گەڕان بەدوای هونەرمەندێکی وندا!!! ... شێرکۆ جەلال مامەش




گەڕان و سۆراغ و پرسیار کردن دەربارەی مرۆڤێك یان هاوڕێیەك لەخەسڵەتی کۆمەڵگای کوردەواری دا نیشانەی وەفایی و خۆشەویستیە بۆ مرۆڤی بەرانبەر. گەلۆ ئەگەر ئەم گەڕان ولێکۆڵینەوەیەش سەبارەت بە هونەرمەندێك بێت کە هیچ شوێنەوارێکی دیاری کراوی نەزانرێت چی دەربارەی ژیان و مان و نە مانی یان ڕەوتی هونەرەکەی ئەمە لە سنورەکانی وەفاش دەردەچێت و دەخزێتە ناو بازنەی عەشق بە دوای هونەرمەندانێك کە لە ڕۆژگارێك دا سەر قافلەی هونەری شێوە کاری بوون لە کوردستانی باشور یەکێك لەم هونەرمەندانەش شێوە کاری کورد دانیال قەسابە. کە لەسالأنی پەنجاکان مەزنترین ڕۆڵی بینی وەلەڕەوتی شێوە کاری دا لە کوردستان بە تایبەت و لەسەر ئاستی عێراقیش بە گشتی. دەکرێت ئەم قۆناغەی دانیال قەساب بەسەرە تاکانی مێژووی هونەری پلاستیك دابنرێت بە تایبەتیش لە کارو شێوازی ریالیزم. گەران و پرسیار کردن دەربارەی ئەم هونەر مەندە



لەلایەنی من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەزارو نۆسەدو نەوت و شەش لەڕێگای هونەرمەندی شێوەکار ئێلی ئیبراهیمی کە بەڕەگەز جولەکەیە و لە دایك بوی شاری سنەی خۆشەویستە واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەلەمیانەی بەرنامەی تیشکی هونەر لەتەلەفزیۆنی ڕۆژدا بەبینەرانی کوردی خۆشەویستم ناساند، هەرلەڕێگای ئەم هونەرمەندەش پاش چەندان ساڵ پرسیارو پشکنینەوە توانیمان خەوارێك زانیاری دەربارەی دانیال پەیدا بکەین کەدەکرێت بڵێم ئەم زانیاریانە نوێترین زانیارین دەربارەی دانیالی هونەرمەند لەوەتەی شاری هەولێری چێهێشتوەو لەساڵانی کۆتایی چلەکان بۆ وڵاتی ئسرائیل گەراوەتەوە، ئەوەی زۆر دڵتەزێن بو بۆمن ئەوەبو کەدانیال قەسابی هونەرمەند پێنج ساڵ بەر لە ئیمرۆ کۆچی دوایی کردوە واتە لەتەمەنی هەشتاو چوارساڵی دالە بەرێکردنێکی شکۆداردا لەوڵاتی ئسرائیل لە شاری رەمەگان بەخاك سپێردراوە. کچەگەورەی دانیال کەناوی نادیە یە ئیمرۆ تەمەنی بەرەو پەنچا ساڵ دەروات پێی ڕاگەیاندم کەزۆربەی بەرهەمەکانی باوکی پاراست وە لەلای خۆی واتە سەرجەم ئەرشیفی هونەرمەند کە ژمارەێك لەتابلۆی ئۆری ژینالی باوکیتی لەوانە ئۆتۆ پۆرترێتێکی دانیال قەسابە هەروەها ژمارەێك لە هێلکاریین بابەتی هێلکاریە کانیش هەرهەمووی بابەتی کوردەوارین زیاترینی ئەم بەر هەمانە بەڕەنگی ڕۆنی نیگار کێشراون چەند بەرهەمێکی لەکاری ئاویشی تێ دا. ئەوەی شایەنی باسە هونەرمەند دوای گەرانەوەی بۆ وڵاتی ئسرائیل بەردەوام خەریکی کاری هونەری و داهێنان بووە ژمارەیەك لە پێشنگای تایبەت و هاو بەشی کردۆتەوە کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانی هونەرمەند لە مۆزەخانەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیا چێگای خۆیان کردۆتەوە، هونەرمەند بە هۆی بەهرەمەندی چۆراوچۆری هونەری جەندین خەڵاتی لەلایەنی سەرۆکی وڵاتەکەی خۆی پێ دراوە. دانیال قەساب چگە لەکاری شێوەکاری بەکاری دەرهێنانی فلیمی سینەمایی هەڵساوە وەك یارمەتی دەر لەوانە فلیمی مافوری ئەفسوناوی کە گوزارشتەیەك بووە لە گەڕانەوەی جوەکان بۆ وڵاتی ئسرائیل، دانیالی هونەرمەند ماوەێکی درێژ خایەن بەکاری پەروەردە هەڵساوە لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری ڕەمەگان، مونیر قەساب کەبراناوەنجی هونەرمەندە تەمەنی حەختاو پێنچ ساڵە تائیمرۆش لە ژیان دایە ئەویش لەبواری هونەری شێوەکاری دا کار دەکات زیاترین بەرهەمەکانی بەشێوازی ڕیالیزمێکی ساکارانە ئەنجام دەدات، سیانزە بەرهەمی هونەرمەندم بەدەست گەیشتوە بەشێوەی فۆتۆگراف. سەر جەم بابەتەکانی ژیان و ژیاری کۆمەڵگای کوردەوارین لەڕێگای ڕەنگی ڕۆنی ئەنجامی داون. نمونەی گەڕەکێکی جولەکەلەهەلێر. مافور شوشتن لەدەم ڕوبارێك. بوك گوازتنەوەی کوردەواری وەقەڵای هەولێرو منارەی چۆلی، پڕۆژەی ئیمڕۆی هونەرمەند لەگەڵ چەند جولەکەێکی هەولێر نووسینەوەی پەرتوکێکە لەسەر مێژووی ژیانی خۆیان لە ساڵانی چلەکان هونەرمەند مونیر قەساب ئەرکی گشت وێنەی ناو پەرتووکەکەی بەشێوەی تابلۆ گرتۆتە سەر ئەستۆی خۆی ئەوەی شایەنی باسە وادەی پێ دام پاش تەواو بوونی ژمارەیەکم بۆ بنێرێت. تاکەهیواو ئاواتی مونیر قەساب ئەوەیە بەر لەمردنی بیستنی دەنگی یەکێك لەم برادەرانەیەتی ئەگەر لەژیان مابن. لەوانە شاعیرو نووسەری داد وەر ئیحسان موستەفا. ڕەشید حاجی قادر. ئەندازیار نیازی موستەفا. مامۆستا فاتح مەزهەر. هەروەها ئەنوەر وەلی و براکانی کە لە بنەماڵەیەکی ئاغاکانی هەولێرن. لە کۆتایی نووسینەکەم ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەم زانیاریانە نوێترین زانیارین دەر بارەی بنەماڵەی دانیال قەسابی هونەرمەند واتە رونتر هەر زانیاریەکی بەر لەم بڵاوکراوەیە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی چلەکان و ژیانی هونەرمەندو بنە ماڵەکەی لەشاری هەولێر. هەر لەگەڵ ئەم نووسینەش وێنەیە کی دانیال قەساب دەخەمە بەر

26-11-2006 8:13بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چاوی خوێنەری خۆشەویست لەگەڵ چەند تابلۆیەکی ئەم ساتە ڕۆژانەی هونەرمەند لەهەولێر کێشاو یەتی هەروەها چەند تابلۆیەکی هونەرمەند مونیر قەسبتان دەخەمە بەرچاوان کە بۆپرۆژەی پەرتوکەکەی سەبارەت بەژیانیان لە هەولێر کێشاویەتی!!





